www.kurdistannet.org
7-4-2007 1:32 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سوێندی تەڕەتۆڵەکە! ... ئەحە ملۆزم

- حەمە فەرەج تکایەکی برایانەت لێدەکەم ئیتر واز لەم بۆڵە بۆڵ و گلەیی و بناشتە بێنە، یان هەر نەبێ ئەوەندە مەبۆڵێنە بە سەرووپۆتەڵاکی مندا. ئاخر کوڕی باوکم تۆی توونچی و منی حەمامچی هەقمان چییە بەسەر ئەم هەموو سەرگا و قنگی کەرەوە؟! خوا پەنایەک و دوو عانەی داوینەتێ بێقرە و برە دەیخۆین ئیللەڵا و برایەوە

+ ئاخر نابێ کاکەحمەد، پیاو قسەیش نەکا دڵی شەق دەبا. کورە خۆ ناهەقیی و گەندەڵییەکە ئەوەندە زۆرە...

- ئۆ هۆوا! ناشوکری نەبێ خەریکە تۆشم لێدەبیتە ڕووناکبیر. ئەگەر گەندەڵی وەک ئەوەی تۆ دەڵێی وا بێ، ئەی بۆ بۆگەنی نایەت؟

+ چۆن بۆگەنی نایەت ئەحە گیان؟ ئەوە تۆ سەرمات بووەو لووتت گیراوە، ئەگینا نیوەی شارەکە بۆگەن کاسی کردوون. بەڵام نەمزانی گەندەڵی و ڕووناکبیر چیان داوە بەسەری یەکەوە؟

- هەی بێقەزابی یاخوا، جا خۆ ڕووناکبیر بەبێ گەندەڵی فلسە سوورەیەک ناهێنێ!

+ چۆن بۆ خاتری خوا؟

- براکەم، پیاو بۆ ئەوەی ناوی لە ناوانا بێ و لە کۆڕو کۆمەڵە ئەدەبی و هونەرییەکاندا وەک قوتەی مل نێرکە کاردو و کۆشکی بەرپرسەکان، لە دوورەوە دیار بێ، دەبی لای کەمی بیستوچوار دەستەواژەی وەک گەندەڵی، شەفافییەت، موعانات، وەهم و برێ جروجانەوەی تری لەبەر بێ. ئەگینا کەس سەربەکلاوی ناپێوێ

+ لاحەولە وەلا قووەتە، ئەی دوایی؟

- ئەمجا لەولاشەوە دەبێ لە خزمەت براگەورەکاندا دایمەی خوایی دەست بەسنگەوە بێ

+ دە بەخوا ئەم شەمەنتەگێتە بە من ناکرێ، ئەوا لەسەر دەستی تۆ، بەقورعان سوێند دەخوم، لەمەولا لە باسی توونی حەمام و شامپۆی فەرەنسی بەولاوە هیچ نەڵێم

* سەلامون عەلەیکوم

- وە عەلەیکە سەلامو سەرچاوەکەم دەروێش نامیق، یاخوا وەخیرهاتی. دەفەرموو تەشریف بێنە سەرۆ، ئا حەمە فەرەج خێراکە چایەک بۆ دەروێش بێنە

* خوا بمکا وە سیاقەت ئەحە گیان، وە کەلامی خوا فرە بیرم ئەکردی. وەو سەیساقە قەسەم لەوساوە تۆ جێمانت هێلاگە، دیوەخانەکەمان بووگە وە ئاشی ئاو لێبڕیاگ. دەسەکانو خۆش وێ حەمە فەرەج، خۆ شوکر تۆیچ سلامەتی؟

+ ئەلحەمدولیلا دەروێش گیان

* ئەحە گیان تا زووە ئەو هەگبە بشارۆ نەوەکا جەماعەت پێی بزانن

- بۆ دەروێش خۆ تیئێنتی و دینامێتی تیا نییە؟

* کورە ناوەڵلا، ئەوە برێ ماس و پەنیر و کەرێس، میمکە تەمە و دایە فاتە بۆیان ناردگی

- دەی ماڵیان ئاوا بێ یاخوا لەگەڵ تۆدا، بەڵام نەتفەرموو بۆ بیانشارمەوە؟

* چونکێکم قاچاخن باوانەکەم!

- شتی چۆن دەبێ دەروێش؟

* ئەوێ براخاسەکەم، ئەوەتا لە ترسی گومرک لە لاڕێوە هاتگم، ئەی ناوینی گژ گیانم قوراوی بووگە؟

- ئاخر بۆ؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
7-4-2007 1:32 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

* باوانەکم لەمەودوا هەرچی شتێ خۆمانە وێ و لە تورکیا و ئێرانۆ نەهاتووێ، قاچاخە و پیاگی لەسەر حوکم ئەدرێ

- سوبحانەڵلا!

* عەرزوێ لە خزمەتتا قەرارە سووە دوو سووەیچ گومرگ بخەنە سەر کەنگر و تەڕە تۆڵەکە و وێنجەو سێپەریچ

- ئەوانە بۆ؟

* بێژم چی؟ وەقسەی کوڕەکەی سمە خەسار، گوایە لەمەولا کەنگرو تۆڵەکەی ناو قوتوو و پاکەتمان لە تورکیاوە بۆ تێرن و وێنجەو سێپەریچمان لە مەرزی باشماخ و حاجی هۆمەرانۆ بۆ ئەکەن وەم دیوا

+ ئەی باوکەڕۆ، کاکەحمەد تا مزگەوت ئەچم هەر ئێستە دێمەوە

- خێرە حەمە فەرەج؟

+ خێری چی کاکەحمەد؟ ئەچم کەفارەتی سوێندەکەم ئەدەم، ئاخر ناهەقمە بڵێم گەندەڵی کاسی کردین؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.